ماکرۆن پشتگیری خۆی بۆ لوبنان ڕادەگەیەنێت و بەم نزیکانەش سەردانی ئەو وڵاتە دەکات



ئیمانوێل ماکرۆن سەرکۆماری فەرەنسا پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ ژنەڕاگر جۆزف عەون سەرکۆمار هەڵبژێردراوی لوبنان دووپات کردەوە.

کۆشکی ئەلیزێ ڕایگەیاند، ماکرۆن لەگەڵ عەون تەلەفۆنی کردووە، لە میانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بۆی ڕوونکردەوە کە ئەیەوێت بەم نزیکانە سەردانی لوبنان بکات.

لەمیانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا سەرکۆمار فەرەنسا جەختی لەوە کردەوە کە پاریس پاڵپشتی هەوڵەکانی سەرکۆمار عەون دەکات بۆ خۆراکردنی پێکهێنانی حکومەتێک کە توانای یەکخستنی لوبنانییەکان و دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانیان هەبێت، هەروەها جەختکردنی چاکسازییە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی بوژانەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و دەستبەرکردنی سەقامگیری، ئاسایش، و سەروەری نیشتمانی بۆ لوبنان.

ئەم دەستپێشخەرییە لە چوارچێوەی بەردەوامی چالاکانەی فەرەنسا دێت لە پاڵپشتیکردنی لوبنان لە

نەو ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریانەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنن.